پیاوێک هەبوو ئەوەندەی من بزانم کەس نییە هێندەی ئەو مااڵی لە مزگەوت دوور بێت، هەرگیز هیچ نوێژێکی لە دەست نەدەچوو ((بە جەماعەت

لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پیاوێک هەبوو ئەوەندەی من بزانم کەس نییە هێندەی ئەو مااڵی لە مزگەوت دوور بێت، هەرگیز هیچ نوێژێکی لە دەست نەدەچوو (بە جەماعەت)، پێی ووترا: ئەگەر گوێدرێژێک بکڕی بۆئەوەی بەسواری بێیت لە تاریکی وگەرمادا (بۆت باشتر دەبوو)، ئەویش ووتی: «من حەزم بەوە نییە مااڵم نزیکی مزگەوت بێت، من دەمەوێت پاداشتی هەنگاوەکانی هاتنم بەرەو مزگەوت وگەڕانەوەم (لە مزگەوتەوە) بەرەو مااڵ بۆ بنووسرێت»، لەسەر ئەم باسە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «بەدڵنیاییەوە، خودای گەورە هەموو ئەوانەت پێدەبەخشێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

ئوبەی کوڕی کەعب -ڕەزای خوای لێبێت- دەیگێڕێتەوە بۆمان کە پیاوێک هەبوو لە ئەنساڕ کەس هێندەی ئەو مااڵی لە مزگەوتی نەبەوی دوور نەبوو، هەرگیز هیچ نوێژێکی جەماعەتی لە دەست نەدەچوو، بەڵکو ئامادەی هەموو نوێژێك دەبوو لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وپێی ووترا: ئەگەر گوێدرێژێک بکڕی بۆئەوەی بەسواری بێیت لە تاریکی شەو، وگەرمای ڕۆژدا؛ بۆت باشتر دەبوو، ئەویش ووتی: پێم خۆش نییە مااڵم لە تەنیشت مزگەوت بێت، من دەمەوێت خودای گەورە پاداشتی هەنگاوەکانی هاتنم بۆ مزگەوت وگەڕانەوەم لە مزگەوتەوە بەرەو مااڵ بۆ بنوسێت، ئەم قسەیە گەیشت بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وفەرمووی: بەدڵنیاییەوە، خودای گەورە هەموو ئەوانەت پێدەبەخشێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3561